ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# مەحمود کزل: عایشەشان کە زانی بەرهەمی من کڕیاریان زۆرە،ئەویش دەستی بە گۆرانی کوردی کرد



**مەحمود کزل**، گۆرانیبێژی ناوداری باکووری کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا بە مستەفا غازی رۆژنامەوانی گوتووە کە ئەو یەکەمین کورد بووە کە چۆتە ئیستەنبۆل و گۆرانی کوردی تۆمار کردووە، ئەو لەو بارەیەوە گوتویەتی: ساڵی ١٩٦٥ چوومە شاری ئیستەنبۆل، سەردانی کۆمپانیایێکی تۆمارکردنم کرد کە خاوەنەکانی ئەرزەرۆمی بوون، چونکە ئەرزەرۆمی بوون. پێمەوابوو کە کوردن، پرسیان کولتوری چیە؟ گوتم کولتوری من کوردیەو منیش سترانبێژێکی کوردم، گوتیان بۆ ئەوێ کوردستانە، تۆ دەڵێی کوردم و باسی کورد دەکەی؟! ئێمە ناتوانین هاوکاریت بکەین، منیش گوتم ئەگەر وایە من دەرۆم، دوایی پێیانگوتم کە راهێنەری تیپی مۆزیکی ئێمە **بەدر چاغلایان**، خەڵکی روحایە، با ئەوبێ، ئەگەر ئەو دەنگ و گۆرانی تۆی بە دڵ بوو، ئێمە گۆرانیت بۆ تۆمار دەکەین! پاشان بانگی ئەویان کرد، ئەو هات و یەکترمان بینی، بەیەکەوە چوین بۆ لای کابرایێک کە ناوی دیمۆ بوو، یەهودی بوو، ئەویش کۆمپانیای هەبوو،دیار بوو بەتەنیا دەژیا، بەدر کلیلی خانووی لێساند و گوتی دەمانەوی گوێ لە دەنگی ئەم کەسە بگرێن، ئەویش پرسی چ کەسە؟ گوتیان کوردە. گوتی منیش دێم و گوێی لێ دەگرم. من و بەدرو دیمۆو خاوەنەکانی کۆمپانیاکە کە ناویان ئەحمەد و یەشار بوو چووین بۆ خانووی دیمۆ کە لە نهۆمی سێیەم بوو. بەدر چاغلایان داوای لێکردم گۆرانی بڵێم، منیش بەهێواشی دەستم بە گۆرانی گوتن کرد، داوای کرد دەنگم بەرزتر بکەمەوە، بەرزترم کرد، داوای کرد هێشتا بەرزتری بکەم، دەنگم بڵندتر کرد، داوای کرد بڵندتری بکەمەوە، گوتم ئەگەر لەوە زیاتر دەنگم بەرز بکەمەوە، ئێوە ناتوانن خۆتان پێڕاناگیرێ و دەبێ پەنجە لە گوێی خۆتان رابکەن، ئەوان گاڵتەیان پێهات، منیش پڕ بەدڵی خۆم دەنگم بەرزکردەوە و گۆرانی **وەری بێماڵ**م گوت، ئەوان خۆیان بۆ نەگیراو بە دەست گوێچکەی خۆیان گرت و گوتیان وەڵا راست دەکەی! ئیدی بەوهۆیەوە کۆمپانیای پالاندۆکەن لە ٢٥-١-١٩٦٥ دوو گۆرانیان بۆ تۆمارکردم، کە ئەوانیش **لۆری لۆری چەمبەلیا من لۆری** و **وەری بێماڵ** بوون.

مەحمود کزل لەو هەڤپەیڤینەدا جەخت دەکاتەوە کە بەرهەمەکانی ئەو کڕیاریان زۆر بووە و زۆریان لێ فرۆشراوە، ئەوەش هانی سترانبێژانی داوە تا بە گۆرانی کوردی بڵێن، ئەو گوتویەتی: 'ئەو کاتە عایشەشان بە تورکی گۆرانی دەگوت، من بۆ خۆم داوام لێکردو پێمگوت کە هەندێک گۆرانیم هەیە و حەز دەکەم بە دوو قۆڵی بیانسترین، ئەو پێی گوتم، هاوشاری من، من ناوێرم بە کوردی گۆرانی بڵێم! بەڵام پاشان کە دیتیان گۆرانیەکانی من کڕیاریان زۆرەو باش دەفرۆشرێن، ئەوسا عایشەشان و حوسێن تۆتال و هی دیکە گۆرانی کوردیان تۆمار کرد.

مەحمود کزل پێیوایە کە ئەو کاتە گۆرانیبێژانی کورد لە خۆڕاوە خۆیان ترساندووەو گۆرانی کوردیان بە قەدەغە داناوە، ئەوەش رێ خۆشکەربووە تا تورک گۆرانی کوردی قەدەغە رابگەیەنێ، ئەو دەڵێ: 'ئەوکاتە داوام لە سەیدخان بۆیاخچی کرد، بەڵام ئامادە نەبوو'

سەبارەت بە قەدەغەبوونی سترانی کوردی دەڵێ: ' جارێک دادگەییان کردم، چونکە شکایەتم لێکرابوو، قازی بانگی کردم و لێی پرسیم کە بۆچی بە کوردی گۆرانی دەڵێی؟ منیش گوتم کوردی زمانی دایکمە، ئەو داوای لێکردم بە کوردی گۆرانی نەڵێم، من بەڵێنم پێدا، بەڵام لە دادگە دەرکەوتم و چووم گۆرانی کوردیم چڕی'

مەحمود کزل تا ساڵی ١٩٧٨ لە ئیستەنبۆل ماوەتەوەوچەندین گۆرانی کوردی تۆمارکردووە، ساڵی ١٩٦٨ کۆمپانیایێکی مۆزیکی بەناوی دیجلە پلاک دامەزراندووە و تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بووە. تەنانەت رۆژنامەیەکی وەکو حورییەت باسی لە بەرهەمەکانی کردووە دیاری کردووە کە وەپێش بەرهەمەکانی زەکی مۆران کەتووە.

مەحمود کزل کوڕی بنەماڵەیەک بووە کە سەروکاریان لەگەڵ گۆرانی گوتندا نەبووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ باوکی دەنگی خۆش بووەو جار جارە لەماڵەوە بۆ دڵی خۆی گۆرانی گوتووە، هەروەها عەلی دەنگبێژ کە سترانبێژێکی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە، ئامۆزای دایکی بووە.

یەلماز گۆنەی هونەرمەند زۆر رێزی لێگرتووە، بەنیاز بووە کە گۆرانیەکانی چەمبەلی، موسا مەرەو کۆچەرۆ بکات بە فیلم، بەڵام چونکە گونەی گیراوە، ئیتر ئەو ئاواتەی نەهاتۆتە دی.

**ئامادەکردنی: سەفوان ئامەدی**

## رازی دڵ



**سارا رەشید**

لە پێدەشتەکانی رازی دڵەوە
لەو دیو سنووری مەملەکەتی ڕاستی
دڵەکان خەریکی ووشە گۆڕینەوەی
گفتوگۆی دوو دڵن
هەنگاوەکان خەتابار دەکەن
ڕاستیەکان کۆیلەو کۆت و بەند دەکەن
دڵ لە دڵ تێناگا
ڕاستی هەر دڵێ
لای خۆیەتی
چەند سەیرە لە نێوان دوو خوێنی تێکەڵ
هێشتا گومان هەیە
چەند سەیرە لەنێوان چەند ساڵی ڕابردوو
ئەوسا تاوان هەیە
خەتا دێتە شایەت و ئەڵێ
بەو لێوەی قسەی دێتە گۆ
هێشتا تۆ لە پەپوولە ئەچی
بەس دڵم پێم ئەڵێ تاوانباری
هێشتا بەدوو چاوی خۆم
باوەڕم نەبوو هەتا ئەم ساتە
لە خولەکێک تێپەڕی کرد
هەر بەردەوام ئەدوێی
تەنها بەچاو
بە هەست
بە گۆنام ئەدوام
هیچی تر نەبوو لەوە زیاتر
پاکی و بێگەردی خۆمی پێ دەربڕم
ئەی بوونەوەر
ئەو کەسەی هۆش و بیرت هەیە
بەدەم ئەدوێی
بەچاو ئەبینی
بەهەست هەست ئەکەی
زۆر زاڵمی تۆ
درندەی هەندێ کات
لە پێدەشتی ووشەکانی دڵەوە
بە گاسنی رۆح فێری کێڵگە بووی
دێراو بە دێراو بە دڵی خۆت
ووشەی ناحەق ئەروێنی
تا بە ڕق و کینە ئاوی دەیت
گەورەی کەیت
بۆ ئەو کاتەی ئامادە کەیت
ئەم خوانە جوانەی
لەسەر خوان و سفرەی دڵت بۆ ڕاخەی
فێری ووشەی گوڵ و
فێری هەنگاوی ڕاستیان کەی
دە برۆ نەفرەت لە تۆ
هەتا لوتکەی ژیان
تا ئاخری زەمان
تا رۆژی حەشر
حەشر کرێی لەگەڵ گوناحباران

## ژووانگە

## کاڵا بە قەد باڵا

ئەو کاتەی کە دەوڵەتی تورکیا باوەڕی وابوو کە لۆژیکی هێز دەتوانێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکات، لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا کوردێک هەبوایە، تورک بە پەکەکە لەقەڵەمیان دەداو پێیانوابوو کە بۆسەر ژیان و داهاتووی ئەوان مەترسیە!! هەر ئەو عەقڵیەتەش بوو لە تورکیا کە هەرێمی کوردستانی بە کێشەی پەکەکەوە گرێدابوو، ئامادە نەبوو هیچ پەیوەندیەکی سیاسی لەگەڵ سەرکردایەتی کورددا هەبێت، هەمیشە هەرێمی کوردستانیان بە مۆڵگەی تیرۆریستان دادەنا، بەوهۆیەشەوە بە درێژایی چەندین ساڵی رابردوو هەموو شێوازێکی هێزیان تاقیکردەوە، بەڵام ئەنجامێکیان دەست نەکەوت.

لە دوای رووداوەکەی ئەم دواییەی **بازەلی** کە تێیدا چەندین جەندرمەو سەربازی تورک کوژران، سەرکردەکانی دەوڵەتی تورک لەوپەڕی راستەوە بۆ ئەو پەڕی چەپ دەستیان بە هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆر کردو بابەتی تۆڵەکردنەوەیان هێنایە گۆڕێ، تەنانەت هێندێکیان داوای پشتێنەی ئەمنیان لە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا دەکرد، بەڵام چەند رۆژێکە نەزم و ئاوازی ئەو گۆرانیەیان گۆڕیوە کە پێشتر دەیانچڕی، ئێستا دەستەڵاتدارانی تورک لەژێر ناوی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و سەرکردە سیاسیەکانی کورد بە شێوازێکی دیکە خۆیان نمایش دەکەن.

پێش رووداوی بازەلی، سەرانی تورک هەمیشە دەیانگوت: ئیدارەی باکووری عێراق و لایەنە کوردیەکان یارمەتی پەکەکە دەدەن، بەڵام ئێستا خۆیان دەڵێن کە هیچ بەڵگە لەبەردەست دانیە کە کوردەکانی عێراق!! یارمەتی پەکەکە بدەن.

تورک دەزانێ کە کێشەی کوردی باکووری کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان رەهەندی دیکە وەردەگرێ، بۆیە خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی گەمەیەکی دیکەو شێوازێکی دیکە ئامادە دەکەن، پێیانوایە کە بەم شێوەیە دەتوانن کێشەکە یەکلایی بکەنەوە، بەوهۆیەوە دەیانەوێ پەکەکە وەک دوژمنی تورکیا و هەرێمی کوردستان بناسێنن!! هەر لەو سۆنگەیەشەوە دەیانەوێ پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان گەشە پێبدەن، بەڵام ئایا ئەو پەیوەندیەی کە تورکیا لە هەرێمی کوردستانی دەخوازێت هەمان ئەو پەیوەندیەیە کە هەرێمی کوردستان دەیخوازێت؟! ئایا تورکیا لەو پەیوەندیەی کە داوای دەکات نیاز پاکە؟! ئایا تورکیا بەهۆی ئەو پەیوەندیەوەوە دەیەوێ هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات؟!

بە دڵنیاییەوە دەڵێم هیچ کات تورکیا ئامادە نیە پەیوەندی باشی لەگەڵ کورد دا هەبێ، تەنها ئەگەر مەبەستی تایبەتی خۆی نەبێت و ئەو مەبەستەش زۆر روون و ئاشکرایە، تەنانەت هاوڵاتیەکی زۆر سادەش دەزانێ کە سەرانی تورک نیازیانە بەم هەنگاوەیان شەڕی کورد بە کورد هەڵبگیرسێنێن، هەر بۆیە دەبێ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بە وریایی و پارێزەوە هەنگاو هەڵبهێنێتەوە، دەبێ کورد نەکەوێتە ئەو داوەی کە بۆی دانراوەتەوە، چونکە بەشێک لە لایەنەکانی عێراقیش لەگەڵ تورک هاوئامانجن، رەنگە لە پشتی پەردەوە لایەنی دیکەش هەبن و رێنوێنی تورکیا بکەن، بەتایبەتیش ئەوانەی کە دەیانەوێ لەبەرامبەرد کورددا خۆیان لە بەرپرسیارێتی بدزنەوە، ئەو کات دۆستەکانی کوردیش بە گومانەوە لە هەنگاوی کورد دەڕوانن و بەرگری کردن لە کورد بەبێ مانا دەزانن!

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی لە ساڵانی رابردوودا پەکەکە بارودۆخی هەرێمی کوردستانی لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵام لە داهاتوودا بەرپرسیارێتی گەورەو مەزنتری دەکەوێتە ئەستۆ، نابێ بەهانە بداتە دەست دوژمنانی کورد، نابێ بە رەفتارەکانی خۆی، هەرێمی کوردستان ناچار بە هەڵوێستی پێچەوانە بکات، وەک کورد گوتەنی: دەبێ کاڵا بە قەد باڵا بێت.

**سەرنووسەر دەینووسێ**

## سێکس لە پێناو وەدەستهێنانی زانیاری

**ۆن جیۆنگ هوا**، ژنێکی ٣٤ ساڵەی خەڵکی کۆریای باکوور، لە مانگی تەمموزی ئەمساڵدا لە لایەن پۆلیسی کۆریای باشوورەوە، بە تاوانی ئەوەی کە سێکسی کردۆتە ئامرازێک بۆ سیخوڕی کردن لە سەر کۆریای باشوور و بەڕێکردنی زانیارییەکان بۆ وڵاتی کۆریای باکوو، دەست بەسەردەکرێ.

**ۆن جیۆنگ هوا** رۆژی چوارشەممەی رابردوو لە لایەن داواکاری گشتیی شاری 'سیئۆل'وە بە پێنج ساڵ زیندانی مەحکوم کراوە، بەڵام دەتوانێ داوا لە دادگەی باڵا بکات کە چاو بە حوکمەکەی بخشێننەوە.

ۆن بۆ ئەوەی بتوانێ لە کارەکەی دا سەرکەوتووبێ، پێوەندی بە بەرپرسێکی کۆریای باشوورەوە گرتووە و جەستەی خۆی رادەستی ئەو کردوەو، لەبەرانبەر وەدەستهێنانی زانیاری بۆ سێکسی هانی داوە.

ناوبراو ویستوویەتی کە بەرپرسێکی دەزگەی زانیاری کۆریای باشوور ژەهر خواردوو بکات و بیکوژێ، بەڵام ئەو پلانەی جێبەجێنەکردووە.

بەگوێرەی هەواڵەکان ئەو ژنە سیخورە لە کارەکانی خۆی پەشیمانەو بە نیازە لە رۆژانی داهاتوودا پەشیمان نامەیەک بۆ دادوەری دادگەی سیئۆل بەرز بکاتەوە.



## مێگن فۆکس



**بن لی**، خۆشەویستی خانمە ئەکتەری ئەمریکی مێگەن فۆکس، بە گۆڤاری فۆکەسی ئەلمانی گوتووە" بەهۆی ئەوەی مێگەن فۆکس زۆر سەرنجڕاکێشە، ئیتر دۆستایەتی ناکات و لێی دوور دەکەوێتەوە.

بن گوتوویەتی: 'مێگەن ژنێکی زۆر سەرنجڕاکێشە و حەز لە تاقیکردنەوەی هەموو شتێک دەکات، پێشتر لام پەسەند بوو، بەڵام لەمەودوا ناتوانم بەرگەی بگرم'

بن وتی:'بەهۆی هۆلیوودەوە، مێگەن زۆر گۆڕاوە و تا رادەی ئەوەی چیتر وەکو جاران ایناسمەوە'

رۆژی گەل، هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتیە، ژمارە (218 ) یەکشەممە 2008-10-19

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com